# دووپاتکردنەوەی هەڵبژاردن وەک باشترین چارەسەر بیری لێدەکرێتەوە

دوای دانوستاندن و مشتومڕێکی زۆر لەنێوان هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکان، سەرەنجام نوری مالکی وەک پاڵێوراوی بەهێز یەکلایی بۆوە، بەڵام عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆماری عێراق و یەکێک لە بەرپرسانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق رایگەیاند؛ ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دەنگ بۆ کاندیدکردنەوەی مالکی دەدەن، کەمترە لەو ژمارەیەی کە نایانەوێ جارێکی دیکە مالکی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەربگرێتەوە.

کاندیدکردنی نوری مالکی لە ئاکامی رێککەوتنی سەدریەکان و هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا خۆی بەسەر هاوپەیمانی نیشتمانی سەپێندرا، بەڵام هێشتا ئاسۆی ئەو کاندیدکراوە نادیارەو نازاندرێ کە ئایا لە ئەنجومەنی نوێنەران دا دەنگی پێویست بەدەست دەهێنێ یان نا؟ بەتایبەتیش کە هێشتا هاوپەیمانی ئەلعێراقیە لەو باوەڕەدایە کە دەبێ نوێنەرێکی ئەوان بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران کاندید بکرێ و پرۆسەی دەندانیش لە ئەنجومەنی نوێنەراندا یەکلایی بکاتەوە.

هەرچەندە کە لێدوانەکەی عادل عەبدولمەهدی زۆر راستی لە گەڵ خۆیدا هەڵگرتوە و دەکرێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بەڵام دیسانیشەوە بەختی نوری مالکی بۆ وەرگرتنەوەی متمانەی ئەنجومەنی نوێنەران و دانیشتنەوەی لەسەر کورسی حوکم بەهێزتر بوەو شیمانەی ئەوەش دەکرێ کە هەردوو حکومەتی ئەمریکاو ئێران گلۆپی سەوزیان بۆ داگیرساندبێ.

لەلایەکی دیکەوە عەممار ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق جەختی کردۆتەوە کە هەقی شیعە لە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تەنیا بە پاراستنی مافی سوننەکانەوە مسۆگەر دەبێ، بەوهۆیەوە ئەوان لە کابینەی حکومەتێکدا بەشداری ناکەن ئەگەر ئەو مافە دەستەبەر نەکرێ و سوننەکانیش بەشداری پێنەکرێن. هەر لەو پێوەندەدا عەممار ئەلحەکیم کە وەک دۆستێکی راستینی سوننەو کورد لە نێو شیعەکاندا ناسروە،ئاشکرای کردوە کە ئەوان دژی کاندیدکردنەوەی نوری مالکین و ئەو دژایەتیەش سیناریۆ نیە کە هەندێک کەس و لایەن وای بۆ دەچن، هەروەها لەهیچ کابینەیەکدا بەشداری ناکەن کە ئەگەر هەموو لایەنەکان بەشداری پێنەکرێن.

هەر لەپێوەندەدا جەمال بەتیخ سەرکردە لە هاوپەیمانی ئەلعراقیەدا ئاشکرای کردوە کە رەوتی سەدرو خودی موقتەدا سەدر لە هەوڵی شێلگیرانەدان تا هەردوو لیستی ئەلعێراقیەو دەوڵەتی یاسا لە یەکتر نزیک بکەنەوە. ئەوەش بەو واتایەیە کە دەبێ ئەیاد عەلاوی و نوری مالکی لەسەر پێکهێنانی کابنیەی نوێ رێکبکەون و پشکی خۆشیان مسۆگەر بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە وێڕای ئەوەی کە ئیئتلافی فراکسیۆنی کوردستانی چەندین جار مەرجەکانی خۆیان بۆ بەشداری کردن لە کابینەی نوێ دووپات کردۆتەوە، تەنانەت هەندێک لە راگەیاندنەکان باس لەوە دەکەن کە نوری مالکی لە کۆی 19 خاڵ، 18 خاڵی پەسند کردوە، بەڵام هەنگاوەکانی ئێستای مالکی وا پێشان نادەن کە مەرجەکان جێبەجێ بکرێن، چونکە ئێستا مالکی لەسەر داخوازی تورکمان و سوننەکاندا بریاری پاشخستنی سەرژمێری گشتی دا، هەروەها سەدریەکان بەو مەرجە پشتیوانی لە کاندیدکردنەوەی مالکی دەکەن کە رەفتاری توند لەگەڵ هەرێمی کوردستان بنوێنێ و پێداگری لەسەر بەهێزکردنەوەی ناوەند دا بکات.

لە راگەیاندراوی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە رۆژی 7-10-2010 بڵاوبۆتەوە، هاتووە کە دەبێ وردتر لە جاران چاودێری رووداوە سیاسییەکان بکرێ و سووربوونی خۆشیان لەسەر پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتیمانی بنکە فراوان دووپات کردۆتەوەو خواستویانە کە تەواوی لایەنەکان بەشداری پێبکرێن و لە دابەشکردنی پۆستە سیادیەکانیشدا هاوسەنگی لەسەر بنەمای ئیستحقاقی نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسی لەبەرچاو بگیرێ. هەروەها جەختیشیان لەسەر کاندیدکردنەوەی رێزدار مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار کردۆتەوە. رەوشی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانیان بە مەترسیدار ناوبردەوەو رایانگەیاندوە کە 'کەرکوک و ناوچە دابڕیندراوەکان، بە پێی برگەکانی ماددەی (140) دەبوایە، هەتا ئێستا حکومەتەکانی عیراق کاری فراوانتر و هەروەها تەواوی پێویستیەکانیی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوریەیان دابین بکردایە، بەڵام مەخابن ئەو کەمتەرخەمیانەی حکومەتەکانی عێراق، لە دوای پەسەندکردنی دەستوریشەوە، بۆ بەدیهێنانی بەرنامەو بریارە پەسەندکراوەکان، نەک هەر لەسەر پرۆسەی سیاسی و دەستوری عیراق لە کەرکوک و ناوچەکانی ماددەی (140)دا کاریگەری نالەباری هەبووە، بەڵکو بواریشی رەخساند دوژمنانی عیراقی دیموکرات و فیدراڵ، پیلانە نهێنیەکانی ئیقلیمی و ناوخۆیی و شۆڤێنی، بەرە بەرە بسەپێننەوە.

راگەیاندراوی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بەلێشاو هێنانەوەی عەرەبی بۆ پارێزگای کەرکوکی بەبەشێک لە درێژەدان بە پیلانی دوژمنان زانیوە. بەکورتی ئەو دوو هێزە دەستەڵاتداری هەرێمی کوردستان پێداگریان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 کردۆتەوە، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە نوری مالکی رێچکەی ئیبراهیم جەعفەری هەڵدەگرێتەوەو کێشەکە یەکلایی ناکاتەوە، تەنانەت لە زاری نوری مالکی وا بڵاوبۆتەوە کە ئەو ئامادەیە گیانی خۆی پێشکەش بکات، بەڵام رێ نادات کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە!

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانە دەکرێ بڵێین کە هێشتا عێراق لە قەیرانێکی دژواردا دەژی و ئەگەری پێکهێنانی کابینەی نوێ لە تەم توماندایە،بۆیە بیر کردنەوە لە دووپات کردنەوەی هەڵبژاردنێکی نوێ رەوایە، لەوانەیە ئەو بتوانی کۆسپ و تەگەرەکان کۆتا بکات و حکومەتێکی بەهێز و تۆکمە پێکبهێنێ.

**سەربەست کانەبی**



# مێرگل: موسڵمانەکانی ئەڵمانیا دەبێ گوێڕایەڵی دەستوور بکەن



هەفتەی رابردوو، ئەنگێلا مێرگل، راوێژکاری ئەڵمانیا گوتی: ئەو موسڵمانانەی کە لە ئەڵمانیادا دەژین، ئەگەر دەیانەوێ لە ئەڵمانیادا بمێننەوە دەبێ گوێڕایەڵی دەستوور بکەن نەک شەریعەتی ئیسلامی

ئەو قسانەی مێرگل لەکاتێدایە کە رێکخراوی ئەلقاعدە باس لە هێرشەکانی خۆی بۆ سەر وڵاتانی ئەوروپادا دەکات، هەروەها ئەڵمانیاش گفتوگۆی چڕ سەبارەت بە گونجاندنی چوار ملیۆن موسڵمانی ناو وڵاتەکەی لەگەڵ داب و نەرێت و دەستووری ئەڵمانیا دەکات.

هەرچەندە بۆچوونی سیاسەتمەدارو دەوڵەتمەدارانی ئەڵمانیا سەبارەت بە گونجاندنی موسڵمانەکان لەنێو چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا جیاوازە، هەندێک پێیانوایە کە دەبێ کاربەدەستانی ئەڵمانیا ئەو واقیعە پەسند بکەن کە ئێستا چوار ملیۆن موسڵمان لەگەڵیاندا دەژین. ئیتری بواری ناردنەوەی ئەوانە نەماوەتەوە، چونکە هەندێک لەوانە لە ئەڵمانیا لە دایک بوونە، لەوانەیە زمانی زگماکی خۆیان هەر نەشزانن. هەندێکی دیکە دەڵێن: ئەو موسڵمانانە کاتی خۆی بۆ کارکردن روویان لە ئەڵمانیا کردوە، یان لە ترسی هەڕەشەی مەرگ، ئێستا رەوشەکە گۆڕاوە، زۆربەی ئەوانەی هەڕەشەی مەرگیان لەسەر بووە، ئێستا سیستەمی وڵاتەکەیان گۆڕاوە و دەتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. هەروەها زۆربەی ئەوانەی بۆ کارکردن روویان لە ئەڵمانیا کردبوو، ئێستا رەوشی داراییان باشەو دەتوانن بگەڕێنەوەو وڵاتانی خۆیان و درێژە بە ژیان بدەن.

مەترسی کاربەدەستانی ئەڵمانیا لە موسڵمانان سەرچاوەی لە بیری توندڕۆیی گرتوە، چونکە هەندێک لە موسڵمانەکان پشتیوانی لە ئەلقاعیدە دەکەن و باوەڕیان بە جیهاد و خۆکوشتن لە رێی خوداو ئیسلامدا هەیە، بەوهۆیەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاوو خۆپارێز واپێویست دەکات کە رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر.

سیاسەتمەدارانی ئەڵمانیا لەو کەسانە نیگەرانن کە بۆ رازی کردنی دڵی موسڵمانان و وەرگرتنی دەنگی ئەوان لێدوان دەدەن و پشتیوانی لە موسڵمانان دەکەن و لە چوارچێوەی بیرورای ئازاددا جێی بۆ دەکەنەوە.

بۆ رەتکردنەوەی ئەو بۆچوونانە، مێرگل، راوێژکاری ئەڵمانیا کە حزبەکەی لەلایەن مەسیحیە کاسۆلیکیەکانەوە پشتیوانی لێدەکرێ، گوتویەتی: ریشەی یەهودی و مەسیحی لە ئەڵمانیا بۆ سەدان و هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، راستە ئێستا موسڵمانیش هەن و مزگەوتەکانیش دیمەنی رازاوەی ناو ئەڵمانیان، بەڵام ئەو بۆچوونە ئیسلامیانەمان لا پەسندە کە لەگەڵ دەستووری ئەڵمانیادا یەکدەگرنەوە، چونکە لێرە دەستوور جێبەجێ دەکرێ نەک شەریعەت!

ئەنگێلا مێرگل دووپاتی کردۆتەوە کە رۆشنبیری ئێستای ئەڵمانیا سەرچاوەی لە مەسیحیەت و یەهودیەت گرتوە،

راستیەکەی ئێستا زۆرینەی خەڵکی ئەڵمانیا، پەنابەران و ئەوانەی لە شوێنی ترەوە روویان لە ئەڵمانیا کردوە بە میوان دەزانن و پێیانوایە کە دەبێ رۆژێک بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی یەکەمی خۆیان. هەروەها زۆرینەشیان لەگەڵ تیلۆ سارازین ئەندامی ئەنجوومەنی بەرێوەبەری بانکی ناوەندی ئەڵمانیا هاوران کە پێیوابوو، موسڵمانەکان بەرنامەی هاوکاری کۆمەڵایەتی هەڵدەلوشن. سەرەنجام زیان بە کۆمەڵی ئەڵمانیا دەگەیەنن.

**سەردار محەمەد**

# سەرۆکی باشوری سۆدان: لەوانەیە ریفراندۆمێکی تایبەت بەڕێوەبچێ



سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردوە کە حکومەتی باشووری سۆدان لە بەرنامەی دایە کە ئەگەر حکومەتی ناوەندی خۆی لە ریفراندۆم سەبارەت بە سەربەخۆیی باشوور ببوێرێ، ئەوان یەک لایەنە رێفراندۆمێکی تایبەت بۆ سەربەخۆیی باشووری وڵات بەرێوە دەبەن.

ئەو هەواڵە تورەیی و نیگەرانی خەرتومی بەدواوە هات و بەرپرسێکی باڵای حکومەتی سۆدان رایگەیاند کە لێدوانی سیلڤا کیر سەرۆکی حکومەتی باشوور بۆ بەرێوەبردنی ریفراندۆمی یەکلایەنە پەسند نیە، چونکە دابڕانی لێدەکەوێتەوە، ئێمەش دەمانەوێ پارێزگاری لەسەر یەکێتی خاکی وڵات بکەین.

بەگوێرەی رێککەوتنی نێوان حکومەتی خەرتوم و حکومەتی باشووری سۆدان دەبێ لە9ی کانوونی دووەمی 2011 بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی باشوور رێفراندۆمێک بەرێوە بچێ، لەوێ خەڵک دەنگ بۆ سەربەخۆیی یان بۆ مانەوە لە چوار چێوەی وڵاتی سۆداندا بدەن، بەڵام ئێستا هەست بە خۆ دزینەوەی حکومەتی ناوەندی دەکرێ، بۆیە بەرپرسانی حکومەتی باشووری سۆدان پێداگری دەکەن و دەیانەوێ ریفراندۆمەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بەرێوەبچێ.

خەڵکی باشووری سۆدان خوازیارن کە لە سۆدان جیاببنەوەو وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکبهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش دەیان ساڵ درێژەیان بە شەڕی چەکداری دا و فیداکاریان نواند. سەرەنجام لە ساڵی 2005 رێککەوتن کە ساڵی 2011 لە رێی بەرێوەبردنی ریفراندۆمێک کێشەکە یەکلایی بکەنەوە.

حکومەتی باشوور بەردەوام حکومەتی ناوەندی بەوە تۆمەتبار کردوە کە خۆی دەدزێتەوەو دەیەوی کێڵگە نەوتیەکانی باشووری لەژێر دەستدا بمێنێتەوە، بەڵام حکومەتی ناوەند بەبیانوی جۆراوجۆرەوە هەوڵدەدات کە ریفراندۆمەکە بە دوا بخات و زەمینەسازی بۆ یەکێتی خاکی وڵاتەکەی بکات.

مارک لیال گرانت باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەنجومەنی ئاسایش بە رۆژنامەوانانی گوتوە کە سەرۆکی حکومەتی باشوور بەڵگەی باوەرهێنەری پێشکەش کردوە، بۆیە پێویستە پەلە بکرێ و ریفراندۆمەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆی بەرێوەبچێ، دەنا لەوانەیە شەرێکی خوێناوی دیکە بەرۆکی سۆدان بگرێتەوە.

باڵیۆزی بەریتانیا گوتویەتی: (پێموایە سلڤا کیر نیازی نیە یەکلایەنە سەربەخۆیی باشووری سۆدان رابگەیەنێ، بەڵام ئەگەر رێگری سیاسی ئەنقەست نەخرێتە رێگەی).

ئێستا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەوڵی ئەوەدایە کە شاندێک رەوانەی سۆدان بکات و هانی هەردوو حکومەتی خەرتوم و جوبا بدات تا لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ریفراندۆمەکە بەرێوەببەن و رێگری نوێ قوت نەکەنەوە.

چاودێران پێیانوایە کە بەرپرسانی حکومەتی باشوور چالاکی دیبلۆماسی باشیان ئەنجام داوە، هاوسۆزی نێودەوڵەتیان مسۆگەرکردوە، بۆیە ئەگەر خەرتوم پاشەکشە بکات، زیانی زۆری پێدەکەوێ و باشووریش جیادەبێتەوە.

**کامەران نەبی**